ڕۆندک عەلی

یاریزانی فوتساڵی هەڵبژاردەی عێراق:

# هیوادارم بەر لەوەی ژیانی وەرزشیم تەواو بێت بتوانم یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکەم

یانەی وەرزشیی زێرەڤانی یەکێکە لەو یانە وەرزشییانەی شاری دهۆك و تیپی تۆپی فوتساڵی یانەکەش لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقە کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەسەر ئاستی عێراق، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کچە یاریزان ڕۆندك عەلی لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٨ی شاری دهۆك و قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لە زانکۆی دهۆك، کە بە ئاستە بەرزەکەی هەموو لایەکی سەرسام کردووە و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەکەی لە هەردوو خولی نایابی فوتساڵی کوردستان و عێراق، پێشووتریش یاری بۆ هەریەك لە یانەکانی دهۆك و زاخۆ و گارە و حدود کردووە، ئێستاش یاریزانی هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراق و یانەی زێرەڤانییە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.



*** چۆن بوو هاتیتە نێو ژیانی وەرزشیی؟**

- هەر لە منداڵییەوە لە قوتابخانەکان و کۆڵانەکانی گەڕەکەکەمان لەگەڵ هاوڕێیانم یاریم دەکرد.

*** بۆچی یاری فوتساڵت هەڵبژارد؟**

- زۆر سەیرکردنی یارییەکانی تۆپی پێ منی وا لێ کرد کە ئەم یارییە هەڵبژێرم، سەرسام بووم بە یاریزان گابریل پاتیستۆتای یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و لەبەر خۆشەویستیی ئەو حەزم چووە یاری تۆپی پێ.

*** ئاستی یاریی تۆپی فوتساڵ لە کوردستان چۆن دەبینی ؟**

- ئەگەر جیاوازی بکەین لەگەڵ ساڵانی (٢٠٠٧-٢٠٠٨) ئێستا زۆر باشترە و زۆریش پێشکەوتووترە لە گشت روویەکەوە.

*** هەست ناکەی ئەم یارییە پشتگوێ خراوە؟**

- ڕاستە تا رادەیەك پشتگوێ خراوە، بەڵام ساڵانە خول دەکرێتەوە، تیپەکەی منیش گرنگیی زۆر بە یاری فوتساڵی کچان دەدات، هیوای منیشە بەردەوام ئەم یارییە لە پێش بێت.

*** کەمیی کردنەوەی پاڵەوانیەتی تا چەند کاریگەری لەسەر ئێوە وەکو یاریزانان هەبووە؟**

- بەدڵنیاییەوە زۆر ئاستمان دێتە خوارەوە، بەڵام ئێمە بەردەوام مەشقمان هەیە، ئەگەر هەر هیچ نەبێ لەگەڵ تیپەکانی مامۆستایان و تیپەکانی تر یاری دەکەین، تەنیا بۆ ئەوەی دانەنیشین، خولی بەردەوامیش هەبێت زۆر باشترە.

*** بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان پێت باشە چی بکرێت؟**

-سەرەتا دەبێت قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بکرێتەوە بۆ ئەوەی نەوەیەکی باشتر پەروەردە بکرێت و گرنگی بەتەواوی یاریزانان بدرێت و یاریگای تایبەتیان بۆ بکرێتەوە .

*** گرفتی یارییەکانی تۆپی فوتساڵ زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

-گرفتمان ئەوەیە ساڵێ یەك خول دەکرێتەوە، ئەگەر ماوەی زۆرتر بوایە و تیپەکانیش زۆرتر بوونایە، باشتر بوو. هەروەها نەبوونی هۆڵی تایبەت بە یاری فوتساڵ بۆ ئێمە گرفتە و هاندەرانیشی زۆر دڵگران کردووە.

*** لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش نەکراوە؟**

- لە هەریەك لە یانەکانی شورتە و جەوییە گرێبەستم پێشکەش کراوە، بەڵام وەڵامی من ئەوە بووە کە ناتوانم یانەی خۆم واتە زێرەڤانی جێ بهێڵم.

*** بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك بەنیازی چیت؟**

- بەهیوای ئەوەم ئاستی باشتر پێشکەش بکەم و ببمە راهێنەرێکی سەرکەوتوو لە داهاتوو، بەردەوامیش بم لە وەرزشدا وەکو یاریزان و راهێنەریش.

*** قەیرانی دارایی تا چەند کاریگەری کردۆتە سەر وەرزش؟**

- کاریگەری زۆری لەسەر وەرزش کردووە بەگشتی لە کوردستانیش بەتایبەتی، واتە بارودۆخی باش نەماوە .

***گرفتی ئەم یارییە لە دهۆك لە چیدا دەبینی؟**

-نەبوونی یانەی زیاتر بۆ یاریزانان لە شارەکەمان گرفتە، چونکە لە شاری دهۆك یاریزانی زۆر باش هەیە کە شایەنی یاریکردن لە ریزی یانە گەورەکانن، بەڵام یانە کەمە و تەنیا یەك دوو یانە هەیە، ئەوانیش ناتوانن ئەم هەموو کچە یاریزانەکان لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە، چونکە لە فوتساڵ تەنیا ٥ یاریزان یاری دەکات.

*** بەهیوای ئەوە نیت رۆژێك لە رۆژان یاری بۆ هەڵبژاردەکەی خۆت بکەی کە کوردستانە؟**

- ئێمە یاری بۆ هەڵبژاردەی عێراق دەکەین، هیوادارم بەر لەوەی ژیانی وەرزشیم تەواو بێت، بتوانم بەناوی کوردستان و ئاڵای کوردستانەوە یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکەم

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەرکردنەوەی بەردەوامی سەرجەم یاریزانانی شارەکانی کوردستان، هیوای بەردەوامیتان بۆ دەخوازم .





## تەها قادر:

# هیچ گۆڕانكارییەك لە پێكهاتەی هەولێر ناكەم

## كامیران خالید یاریزانی نەفتی وەست:

# چاوم لە هەڵبژاردەی كوردستانە

ئەمساڵ یاریزانە كوردەكانی یانەی هەولێر ژمارەیەكیان چوونەتە ریزی یانەكانی بەشداربوو لە خولی عێراقی، یەكێك لەیاریزانە كوردەكانی تیپەكەش كە وەرزی رابردوو ئاستی بەرزی پێشكەش كردبوو، ئەمساڵیش درێسی یانەیەكی باشووری عێراقی پۆشی، كامەران خالید بووە كە ئەمساڵیش ئاستێكی بەرزی پێشكەش دەكات لەگەڵ یانەكەی باشووری عێراق، لەبارەی یاریكردنیشی لە خولی عێراقی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ ئاستی خولی عێراقی زۆر بەرزە، چونكە یانەكان هەموویان

# گرفتی دارایی بەرۆكی یانەی هەڵۆ بەرنادات





دوو هەفتە لەمەوبەر یوسف کاکێ و فاخیرعەلی دەستەی راهێنەرانی یانەی وەرزشی هەولێر دەستیان لە مەشقی یانەی هەولێر کێشایەوە، کارگێڕی یانەی هەولێریش بڕیاری دا دکتۆر تەها قادر راهێنەری پێشووی یانەی هەندرێن بە راهێنەری تیپی خولی نایابی کوردستان دیار بکات، لەبارەی دەستبەرکاربوونیشی دکتۆر تەها قادر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «یانەی هەولێر جیاوازە و هیچ ئەنجامێکی قبووڵ نییە، جگە لە ئەنجامی باش و نازناو، چونکە یانەیەکی گەورەیە و ئێمەش کە دەست بەکاربووین، نییەتمان ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەی وەرزشیی هەولێر.» لەبارەی بوونی گرفتیش لە تیپەکە دکتۆر تەها گوتی: «ئەگەر بە خۆت ئامادەکاری تیپێکت نەکردبێ و وەکو راهێنەر دەستنیشانی یاریزانانت نەکردبێ، دەبێت لەگەڵ ئەو واقیعە خۆت رابهێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ گرفتێك نابینم لە تیپەکەمان، چونکە خاوەنی کۆمەڵێك یاریزانی بەتواناین، ئومێدی زۆریشم بەخۆم هەیە کە دەتوانم سەرکەوتوو بم لەگەڵ تیپەکە.» لە بارەی پێشبینیشی بۆ ئەنجامی ئەم وەرزە گوتی: «لە یاریی تۆپی پێی پێشبینی نییە، بەڵام ئێمە تیپێکی باشین و دەستخۆشی لە کاپتن یوسف دەکەم کە تیپێکی باشی ئامادە کردووە، یاریزانەکانیش ئاستیان باشە، ئێمەش هەوڵدەدەین ئەنجاممان وەکو پێویست بێت». لە بارەی گۆڕانکاریش گوتی: «من وەکو راهێنەر بۆ هەردوو خولی عێراق و کوردستان ئەو ئەرکەم گرتۆتە ئەستۆ و بەنیازی ئەوەش نین کە هیچ گۆڕانکارییەك ئەنجام بدەین».

کێبڕکێ دەکەن لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولە گەورەکەی عێراق، ئەمساڵیش کە چوومەتە یانەی نەفتی وەست بە شێوەی خواستنە، چونکە یانەی هەولێر دەستبەردارم نابێت، گرێبەستیشم لەگەڵ یانەی هەولێر هەیە.» گوتیشی: «جگە لەیانەی نەفتی وەست، یانەی حدودیش پێیان گوتووم بۆ یاریکردن لە خولی عێراقی، بۆ خولی کوردستانیش چەندین یانە پێمیان گوتووە، بەڵام من ئەمساڵ گرێبەستەکەم لەگەڵ نەفتی وەستە لەسەر داوای ئیدارە و راهێنەری ئەو یانەیە گرێبەستم کردووە لەگەڵیان، لە ئێستاشدا کە لە ریزی یانەیەکی بەهێز یاری دەکەم، هیچ کات بیر لە یاریکردن لە هەڵبژاردەی عێراق ناکەمەوە بۆ ئەوەی بچمە ریزی ئەو هەڵبژاردەیە، بەڵام هەموو کات ئامادەم بۆ پەیوەندیکردن بە هەڵبژاردەی کوردستان و حەزیش دەکەم یاری بۆ بکەم، ئەوەش هیوای گەورەی منە، خولی کوردستانیش خولێکی بەهێزە، زۆریش حەزم کردووە لە خولی کوردستان یاری بکەم، هیچ گرفتێکیشم نییە لە باشووری عێراق، تەنیا بیر لەوە دەکەمەوە کە باشترین ئاست پێشکەش بکەم».

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی هەڵۆی دەڤەری بارزان ئەمساڵیش بە نوێنەرایەتی دەڤەری بارزان بەشداری لە یارییەکانی خولی پلەیەکی کوردستان کردووە، بە ئامانجی ئەوەی بتوانێ ئەنجامێکی شایستە لە خولەکە دەستەبەر بکات، بەڵام پێکانی یاریزانان و گرفتی دارایی رەنگە نەیانگەینێتە خەونە گەورەکەیان کە خولی نایابی یانەکانی کوردستانە، ئێستاش سەرەڕای بوونی کۆبوونەوەی قەرز لەسەر تیپەکە قەیرانی داراییش رێگری لە گەیشتن بە خەونەکەیان دەکات، لەبارەی گرفتی تیپەکەش ئەحمەد خەلیل سەرۆکی یانەی وەرزشی هەڵۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «یانەی هەڵۆ یانەیەکی باشە و بۆ ئەمساڵیش ئامادەکاری زۆر باشمان کردووە، چونکە زۆربەی یاریزانانی تیپەکەمان لە وەرزی رابردوو لەگەڵ ئێمە ماونەتەوە، جگە لەوەی چەند یاریزانێکمان لە شاری دهۆك هێناوە.» لەبارەی گرێبەستی یاریزانانیش گوتی: «تەنیا مووچە لە یانەکەی ئێمە هەیە و هیچ گرێبەستێکمان نییە لە یانەی هەڵۆ و باری دارایی یانەکەشمان زۆر خراپە، چونکە هیچ کەسێك هاوکاریمان ناکات، ئەوەش گرفتێکی گەورەیە بۆ یانەکەمان، جگە لەوەش ئێمە کۆمەڵێك یاریزانمان تووشی پێکان بوون و لەبەر بێ پارەیی ناتوانین یاریزانیش بهێنین، ئەوەش گرفتمان بۆ دروست دەکات، بۆ مووچەی مانگی رابردووش بڕی ١٦ملیۆن دینارم لەماڵەوە هێناوە بۆ ئەوەی مووچەی یاریزانان دابین بکەین، ئەو مانگە من هێنام، ئەی بۆ مانگەکانی تر چی بکەین؟ هەموو ساڵێك بەڵێن دەدرێ کە هاوکاریمان بکرێ و ناکرێ، تەنیا قسەیە. ئێستا ١٩ملیۆن دیناری کەلوپەلی وەرزشی قەرزارین، جگە لە پارەی تر کە کۆی گشتی زیاتر لە ٣٥ملیۆن دینار قەرزارین، وەکو ئیدارەی تیپەکەش هەموومان خۆبەخشین لە کارکردن».






# فلیپ کۆتینهۆ دزی لێکرا


کۆتینهـۆی بەرازیلـی و ئەسـتێرەی یانـەی بەرشـلۆنە لەکاتـی گەشـتکردنیدا چەتـەکان دەچنـە سـەر خانووەکـەی و دزی لێدەکـەن.

لـە کاتێکـدا کۆتینهـۆ لەگـەڵ خێزانەکەیـدا بـۆ گەشـتکردن دەچێتـە دەرەوەی ماڵەکـەی، چەتـەکان دەچنـە سـەری و دزی لێدەکـەن، روداوەکـەش لەهەمـان ئـەو رۆژەدا رویـدا، کـە پۆلیسـی هاتووچـۆ بەهـۆی سـەرپێچیکردنی یاساکانی هاتووچۆو و لەبـەردەم کڵێسایەکدا دەستبەسـەر ئۆتۆمبێلەکەیـدا دەگـرن.

کۆتینهـۆ لـە شـوێنێکی رێپێنـەدراو بـۆ پارککـردن ئۆتۆمبێلەکـەی بەجێهێشـتبوو، بـەو هـۆکارەش پۆلیسـی هاتووچـۆ دەسـتیان بەسـەر ئۆتۆمبێلەکەیـدا گرتبـوو.

رۆژنامـەی ئاسی ئیسپانی بڵاویکـردووە دوای ئـەوەی کۆتینهۆ بە تاکسی دەگەڕێتەوە بـۆ ماڵەکـەی بـۆی دەردەکەوێت چەتـەکان چوونەتـە ماڵەکەیـەوە و دزییـان کـردووە.

هەمـان سـەرچاوە بڵاویکـردووە کۆتینهـۆ راسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە پۆلیسـەوە کـردووە دواتریـش لێکۆڵینـەوە لـە ڕووداوەکـە دەسـتی پێکـردووە.






## پاریس سانت جیرمان هەواڵی گواستنەوەی یاریزانێکی مانچستەر یۆتایتد ڕەتدەکاتەوە

یانەی پاریس سان جێرمانی فەڕەنسی ڕەتیدەکاتەوە خواستی گواستنەوەی یاریزانێکی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی هەبێت.

تۆڕی (ESPN)ی بەریتانی بڵاویکردووە یانەی پاریس سان جێرمانی فەڕەنسی گرنگی بە گواستنەوەی مارکۆس ڕۆخۆی ئەرژەنتینی و بەرگریکاری یانەی مانچستەر یونایتد نادات.

سەرچاوەیەکی نزیك لەنێو یانەی پاریس سان جێرمان بە تۆڕە بەریتانییەکەی ڕاگەیاندووە گواستنەوەی ڕۆخۆ لە پلانەکانی ئۆنای ئیمری ڕاهێنەری یانە پاریسییەکەدا نییە.

هەمان سەرچاوە بڵاویشیکردووە یانەی مانچستەر یونایتد دەیەوێت گرێبەستی ڕۆخۆ نوێبکاتەوە، ئەوەش لە کاتێکدایە گرێبەستی ئەو یاریزانە لەمانگی (٦)ی ئەمساڵدا تەواو دەبێت.

ئەو هەواڵە لە کاتێکدایە مارکۆس ڕۆخۆ لە وەرزی ئەمساڵدا زیاد لە جارێك دووچاری پێکان بووە و بەو هۆکارەش تەنیا لە ١٠ یاری شەیتانە سورەکاندا بەشداری کردووە.



## چێڵسی و ڕیال مەدرید ئاڵوگۆڕێکی گەورە ئەنجام دەدەن

یانەی ڕیاڵ مەدریدی ئیسپانی بەنیازە بۆ وەرزی هاوینەی گواستنەوەی یاریزانان ئامادەکاری بکات و بۆ ئەو مەبەستە چاوی بڕیوەتە تواناکانی ئیدن هازاردی بەلژیکی و ئەستێرەی هێڵی ناوەڕاستی یانەی چێڵسی لەندەنی.

بەگوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەی دەیلی ستاری ئینگلیزی یانەی ڕیال مەدرید بۆ کڕینی یاریزانێکی چێڵسی ئینگلیزی بڕی ١٠٠ ملیۆن یۆرۆیان بۆ هازارد تەرخانکردووە.

هەمان سەرچاوە ئاماژەی بەوەشکردووە یانەی ڕیاڵ مەدرید ئامادەیە دەستبەرداری گاریس بەیلی وێڵزی ببێت، کە یەکێکە لە باڵەکانی بی بی سی و ئامادەیە بیداتە یانەی چێڵسی بۆ ئەوەی هازارد پەلکێشی سانتیاگۆ بیرنابیۆ بکات.

بەرپرسانی مەدرید بیریان لەوە کردووە ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی یەکەمی یانەکەیان و لۆکا مۆدریچی کرواتی تەمەنیان بەرەو هەڵکشان دەڕوات و پێویستیان بەوەیە بەزوویی ئەستێرەی بەناوبانگ و بەتوانا پەلکێشی ریزەکانیان بکەن، هەربۆیە پێیانوایە هازارد بژاردەیەکی گونجاوە بۆ یانەکەی پایتەخت.

بەهۆی پێکانە یەک لەدوای یەکەکانی گاریس بایل نزیکە لەوەی متمانەی یانەی مەدرید تا ڕادەیەک زیدانی ڕاهێنەر لەدەستبدات و یانەی چێڵسی-ش پێشوازی لەو گرێبەستە دەکات و ئامادەیە هێرشەبەرە وێڵزییەکە پەلکێشی ریزەکانی بکات، چونکە ناوبراو ساڵانێک بەدرێسی یانەی تۆتنهامەوە ئەزموونی خولی نایابی ئینگلیزی ئەزموون کردووەو بۆ ئەو یانەیە گونجاوە.